# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

### نۆیەم را پۆرت: هۆکارەکانی زۆری ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی

**حوزەیران ۲۰۱۸**

١/٧/٢٠١٨

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


### بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢.کارنامەی یەکەکە
٣.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

### یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاولاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیری نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ۳. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ۱. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ۲۰۱۰ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ۲. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم: راپۆرت

١. دەستپێک

٢. ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان لە چ ئاستێکدایە؟

٣. زۆرترین رێژەی نەخۆشی نێردراوی گەرمیان چ جۆرێکن؟

٤. هۆکارە سەرەکیەکانی رەوانەکردنی نەخۆش لەگەرمیانەوە بۆ سلێمانی

ا. رۆڵی پزیشکان لەم کێشەیەدا

ب. رای پزیشکان لەبارەی ئەم کێشەیەوە

٥. مەترسیەکانی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی

٦. قسەی بەشی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان لەسەر ئەم کێشەیە

٧. چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی

٨. بۆچونی بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەمەڕ کێشەکە

### ١. دەستپێک:

لە کاتێکدا گەرمیان ئیدارەیەکی سەربەخۆیە و لە هەرێمی کوردستان ناسێندراوە، قەزای کەلاریش وەک ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دیاریکراوە، کەچی ژمارەیەکی زۆری نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی پارێزگایی سلێمانی دەنێردرێن، ئەمەش بوەتە هۆکاری بێزارییەکی زۆر بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکە و پزیشکان بە هۆکارێکی سەرەکی ئەم کێشەیە دادەنێن، لەبەرامبەریشدا هەندێک لە پزیشکانی پسپۆر کۆمەڵێک هۆکاری دیکە دەکەنە هۆکاری ئەم کێشەیە.

لەم راپۆرتەدا باس لەو کێشانە دەکەین کە بون بە هۆکاری زۆریی ناردنی نەخۆش و ئەو هەوڵانەش دەخەینەڕو کە دراون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

## ٢. ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان لە چ ئاستێکدایە؟

بە پێی ئامارەکانی بەشی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان کە ئەم بەشە تایبەتمەندە بە ناردنی نەخۆش لەگەرمیانەوە بۆ سلێمانی لە رێگەی ئەمبولانسەوە، رێژەی ناردنی نەخۆش لە مانگێکدا کەمتر نیە لە ١٠٠ حاڵەت، ئەمەش دەریدەخات کە رێژەی ناردنی نەخۆش لە ئاستێکی بەرز دایە، ئەگەرچی بە بەراورد بە ساڵانی پێشو کەمی کردوە.

جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، رەفیق قادر، دەربارەی رێژەی ناردنی نەخۆش دەڵێت: "ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە مانگانە دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی لەنێوان ١٠٠بۆ ١٥٠ نەخۆش دەبێت، هیچ مانێگ لە ١٠٠ نەخۆش کەمترمان نەبوە".

رەفیق قادر، باسلەوەشدەکات: "لە ئاماری سێ مانگی رابردو بەتەنها جەڵدەی دڵ نزیکی ٧٠ نەخۆش نێردراوە، ئەمەش رێژەیەکی زۆر بەرزە بۆ کردە پزیشکیەکان کە تەنها یەک جۆری نەخۆشی بەم جۆرە بێت ئەویش لەبەر نەبونی بەشی بوژانەوەی دڵ".

بەڕای یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی تەندروستی گەرمیان، عەباس عەبدولعەزیز، ناردنی نەخۆش لە ئێستادا گەورەترین کێشەی تەندروستی گەرمیانە. لەم بارەیەوە دەڵێت: "گەورەترین کێشە ئێستا ناردن (ئیحالە)ی نەخۆشە بۆ سلێمانی، رۆژانە لە نێوان (٤ بۆ ١٠) نەخۆش ئیحالە دەکرێت".

هاوشێوەی کەلار، لە قەزای کفریش گرفتی زۆر ناردنی نەخۆش هەیە و بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، بەم شێوەیە باسی رێژەی ناردنی نەخۆش دەکات لە نەخۆشخانەکەیان: "بە پێی روداوەکان رێژەی ناردنی نەخۆش مانگانە گۆڕانکاری بەسەردێت، بەتایبەت لەم سێ مانگەی کۆتایی ژمارەی ناردنی نەخۆش لەنێوان (٢٥-٣٠) نەخۆشە، بەڵام پێشوتر مانگانە لەنێوان (٤٠-٥٠) نەخۆش بوە".

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، دەربارەی ئەو نەخۆشانەی لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەیان دەینێرن بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار، دەڵێت: "نەخۆشێک تاوەکو دڵنیا نەبینەوە لەوەی کە پێویستی بە ناردنە بۆ سلێمانی ناینێرین بۆ کەلار، چونکە چی بۆ نەخۆش بکرێت لێرە هەمان شتیش لەکەلار بۆ نەخۆشەکە دەکرێت، بۆیە رێژەی ناردنی نەخۆش لە کفریەوە بۆ کەلار ئێستا کەمی کردوە".

هێمن محەمەد، ئاماژە بەوەش دەکات کە هەندێکجار لە پێناو ژیانی نەخۆشەکان کارمەندی تەندروستی هەستاوە بە هەندێک کار کە لەدەسەڵاتی ئەویش نیە: "لێرە نەک تەنها پزیشکانی نیشتەجێی خولاو هەستاون بە کارێک کە

لەتوانای خۆیان زیاتر، بەڵکو کارمەندە تەندروستیەکانیش زۆرجار بۆ رزگارکردنی ژیانی نەخۆشەکان کارێک دەکەن کە لە توانای کارەکەی ئەوان زۆر زیاترە".

یەکێک لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان حاڵەتەکانی ناردنی نەخۆش تێیدا کەمە پزیشک و کارمەندەکانی توانیویانە کۆنترۆڵی زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشی تێدا بکەن جگە لەو بەشانەی کە تێیدانەکراوەتەوە، ئەویش نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبی تایبەت بە ژنان و مناڵبونە.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری، باسلەگرنگی نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب دەکات و دەڵێت: "نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب سەنتەرێکی زۆرباشە لە گەرمیان دەتوانرێت هەمو نەخۆشیەکانی تایبەت بەژنانی تێدا چارەسەربکرێت لەحاڵەتە کتوپڕیەکان جگە لە منداڵی نەبەکام، ئەگەر بەشی خودەجی تێدا بکرێتەوە لە ویلادەی سلێمانی باشتر دەبێت".

لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، کە تایبەتە بە ژنان و مناڵبون، لە قەزای کەلار رێژەی ناردنی نەخۆش تێیدا رێژەیەکی کەمە بەشێوەیەک لە مانگێکدا (٥) نەخۆش تێناپەڕێت. وەک لێپرسراوی بەشی مناڵبونی نەخۆشخانەکە (کوێستان حسێن) دەڵێت: "ئامارەکانی ناردنی نەخۆش لێرەوە بۆ سلێمانی بە پێی مانگ گۆڕانکاری بەسەردێت، لە ئێستادا زۆر کەمی کردوە لە مانگێکدا لە پێنج نەخۆش تێناپەڕێت، هەندێکجار لە مانگەکەدا هیچ نەخۆشێک نانێرین بۆ سلێمانی".

"لە قەزایەکی وەک کەلار کە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، دەبێت رێژەی ناردنی نەخۆش تێیدا ١% بوایە". ئەمە وتەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلارییە لە ناحیەی پێباز، هەروەک لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری رێژەی ناردنی نەخۆش نزیکەی (١٠%) ئەو نەخۆشانەیە کە سەردانی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکە دەکەن.

موکەڕەم موبارەک، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری لە ناحیەی پێباز کە نەخۆشخانەکە سەر بە نەخۆشخانەی شۆرشە و ئەویش سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئاماژە بە ئاماری ناردنی نەخۆش دەکات لە ماوەی سێ مانگی رابردوی نەخۆشخانەکەیان و دەڵێت: "لە کۆی (٩٧٢) نەخۆش کە لەماوەی مانگەکانی (مارس، نیسان و ئایار) سەردانی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەیان کردوە تەنها (٨٠) نەخۆشیان نێردراون بۆ نەخۆشخانەکانی کەلار و سلێمانی".

موکەڕەم موبارەک، باسی ئاستی نەخۆشخانەکەیان دەکات کە پێیوایە لەگەڵ کێشە و کەموکورتیەکانیشدا نەخۆشخانەکەیان زۆر زیاتر لە ئاستی خۆی خزمەت دەکات: "نەخۆشخانەکەی ئێمە بچوکە، بەڵام لەئاست ناحیەیەکی

بەمشێوەیە زۆر زیاتر لە ئاستی خۆی خزمەتمانکردوە، لەهیچ ناحیەیەکی دیکەی کوردستان نەخۆشخانەیەک نیە کە فریاکەوتنی ٢٤ کاتژمێری تێدابێت".

باسلەوەشدەکات نەخۆشخانەکەی ئەمان تایبەتە، بەڵام هەمو نەخۆشێک وەردەگرن: "نەخۆشخانەکەی ئێمە تایبەتە بە پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس و کەسوکاری شەهیدان، بەڵام ئێمە هەمو نەخۆشێک وەردەگرین".

## ٠٣ . زۆرترین رێژەی نەخۆشی نێردراوی گەرمیان چ جۆرێکن؟

لەم دایەگرامە دا تەواوی جۆر و ژمارەی نەخۆشی نێردراوی نەخۆشخانەکانی گەرمیان بۆ سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٧) خراوەتەرو، کە تێیدا چەند حاڵەتێکی نەخۆشی دیاریکراو رێژەیەکی بەرزی تۆمارکردوە.



جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکان، باس لەو حاڵەتانە دەکات کە دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی و دەڵێت: "بە گشتی هەمو جۆرەکانی نەخۆشی دەنێرین، بەڵام نەخۆشیەکانی منالآن زۆربەیان دەنێردرێن سەرەڕای هەبونی پێنج پزیشکی پسپۆری منالآن، لەگەڵ جەڵدەی دڵ، بەڵام لێرە نەبونی بەشی بوژانەوەی دڵ هۆکارە بۆ زۆری ناردنی ئەو هەمو حاڵەتەی جەڵدەی دڵ، هەروەها نەبونی بەشی چاودێری ورد کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر ناردنی نەخۆش و مەترسیشە بۆ سەرژیانی نەخۆشەکان".

## ٤. هۆکارە سەرەکیەکانی رەوانەکردنی نەخۆش لەگەرمیانەوە بۆ سلێمانی

هۆکاری ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی ئیدارەی گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە لەم بەشەی راپۆرتەکەماندا دەیانخەینەڕو.

یاریدەدەری بەڕێوبەری تەندروستی گشتی تەندروستی گەرمیان، عەباس عەبدولعەزیز، هۆکارەکەی دەبەستێتەوە بە پزیشکانی بەشی فریاکەوتن لەگەڵ نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو نیشتەجێی دێرین: "دکتۆرەکانی بەشی فریاکەوتن بە ئێمە دەڵێن ئەگەر نەشتەرگەری (عەمەلیات) بکەین بۆ نەخۆشەکان سەرکەوتو نابێت، چونکە نەشتەرگەری بەشی بوژانەوە (ئینعاشی) پێویستە، لە گەرمیانیش ئەم بەشە نیە".

ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە : "بەشی بوژانەوە (٢٤) کاتژمێر پزیشکی نیشتەجێی خولاو (مقیم) و نیشتەجێی دێرین (مقیم اقدم)ی پێویستە، لە گەرمیانیش پزیشکی نیشتەجێی خولاو نیشتەجێی دێرینمانیان نیە یان ژمارەیان زۆر کەمە".

نەبونی بەشەکانی بوژانەوەی دڵ، چاودێری ورد، لەگەڵ خودەج، کاریگەریەکی سەرەکیان هەیە لەسەر ناردنی نەخۆش لە گەرمیان.

لێپرسراوی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار، ئارام ئەحمەد، هۆکارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبونی ئەم بەشە گرنگانەی بواری تەندروستی و دەڵێت: "زۆربەی ئیحالەکانی نەخۆشخانەکانی گەرمیان بەهۆی نەبونی سێ بەشی گرنگی پزیشکییە لە گەرمیان ئەوانیش: بوژانەوەی دڵ، بەشی چاودێری ورد بۆ ئەکەسانەی توشی جەڵدەی مێشک دەبن، چونکە دوای چارەسەری سەرەتایی پێویستیان بە چاودێری وردە،

لەگەڵ بەشی تایبەت بە مناڵانی نابەکام (خدج) ئەم بەشە ئێستا شوێنی بۆ دیاریکراوە، بەڵام تا ئێستا نەکراوەتەوە".

باسلەوەشدەکات ئەگەر ئەم بەشانە بکرێنەوە ئەوکات ڕێژەی ناردنی نەخۆش زۆر کەمدەبێتەوە، بەڵام لە کاتێکدا پزیشکی پسپۆڕ و پزیشکی نیشتەجێی دێرینیان بۆ دابین بکرێت: "کردنەوەی ئەم بەشانە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ژیانی هاوڵاتیانی گەرمیان و ڕێژەی ناردن (ئیحالە) کردنی نەخۆش زۆر کەم دەبێتەوە، بەمەرجێک پزیشکی پسپۆر لەگەڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینیان بۆ دابین بکرێت".

ئەم گرفتە هێندە هۆکاری هەیە هەندێک جار بەهۆی نەبونی تیشکێکی سیتی سکانەوە یان نەبونی سۆنەرێک، نەخۆشێک دەنێردرێت بۆ سلێمانی لە کاتژمێر ٢:٠٠ شەو بەڕێگایەکیش کە بەڕێگای مەرگ ناسراوە.

ڕەفیق قادر، جێگیری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات بەکار نەهێنانی ئامێرەکانی سۆنەر و تیشک یەکێکن لە هۆکارەکانی ناردنی نەخۆش و بەوتەی خۆی "تەنها بەناو جیهازمان هەیە".

وتیشی: "زۆر دڵنیابن ئێمە بەس بەناو جیهازمان هەیە، چونکە ئەگەر جیهازمان هەبوایە نەخۆشێک بەهۆی نەبونی ئەشیعەیەکەوە نانێردرێت بۆ سلێمانی یان بەهۆی نەبونی سۆنەرێکەوە لە کاتژمێر ٢:٠٠ شەو نەخۆشێک بەڕێگای مەرگ نانێردرێت بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، نەوەک تەنها ئێستا کە جیهازەکان لەکارکەوتون، بەڵکو پێشوتریش هەمان کێشەمان هەبوە و بەکاریان نەهێناوە بۆ نەخۆشەکان بۆ تیشکێک ئێمەیان ناردوە بۆ سلێمانی".

لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، تایبەت بە ژنان و مناڵبون، ناردنی نەخۆش تەنها لە دوحاڵەتدایە لێپرسراوی هۆڵی مناڵبون لە نەخۆشخانەکە ئاماژە بەوەش دەکات کە پزیشکانی نەخۆشخانەکەو کارمەندەکانی هەمو هەوڵێک دەدەن بە گوێرەی پێویستی نەخۆشەکە.

کوێستان حسێن، وتی: "ئەو نەخۆشانەی لێرە دەنێردرێن بۆ سلێمانی تەنها دوحاڵەتە ئەوانیش حاڵەتی یەکەم ئەو ئافرەتانەن کە منداڵەکانیان پێشوەخت ئەبێت واتە لە حەفتەکانی (٣٠-٣٤)، یاخود جاری واهەیە کەدێنە ئێرە ڕاستەوخۆ دایکەکان مناڵەکەیان دەبێت، ئەوکات تەنها منداڵەکە دەنێرین بۆ سلێمانی هۆکاری ئەمەش بەهۆی نەبونی بەشی تایبەتە بەمناڵانی نابەکام ئێستا بەشەکەی شوێنی بۆ دابین کراوە و تەنها بەهۆی نەبونی پزیشکی مناڵانەوە نەکراوەتەوە".

دەربارەی حاڵەتی دوەم، کوێستان حسێن، دەڵێت: "حاڵەتی دوەمی ناردنی نەخۆش ئەوانە دەگرێتەوە کە دایکەکە لە کاتی نەشتەرگەری توشی بەرزبونەوەی پەستانی خوێن دەبێت، پزیشکەکەکان هەوڵی خۆیان دەدەن

ئەگەر دایکەکە نەهاتەوە باری ئاسایی خۆی و حاڵەتەکە کۆنترۆڵ نەکرا، لێرە دەینێرن بۆ سلێمانی، بەهۆی ئەوەی لێرە پێداویستی تایبەت بەو نەخۆشانە بەردەست نیە".

دەربارەی رۆڵی پزیشکانی نەخۆشخانەکەش، باس لەوە دەکات کە پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە بێ جیاوازی هەمو هەوڵێک دەدەن لەگەڵ نەخۆشەکان: "پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە زۆر باشن هەمویان دێنە سەر نەخۆش و تەواوی هەوڵی خۆیان دەدەن لەگەڵ نەخۆشەکان".

کەمی پزیشکی پسپۆریەکێکە لە گرفتە دیارەکانی کەرتی تەندروستی لە گەرمیان و لە بابەتی ناردنی نەخۆشیش بەشی زۆری حاڵەتەکان دەبەسترێنەوە بە هەمان گرفتەوە.

هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری، هۆکاری سەرەکی ناردنی نەخۆش لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەیان دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبونی پزیشکی پسپۆر: " هۆکاری سەرەکی ناردنی نەخۆش لەم نەخۆشخانەیە بەهۆی نەبونی پزیشکی پسپۆرەوەیە، چونکە ئەوپزیشکانەشی کە لە راوێژکاری بەیانیان دەوام دەکەن لە کەلارەوە دێن بۆ کفری دواتر دەگەڕێنەوە، ئێمە ئەگەر پزیشکی پسپۆرمان هەبێت کە نەخۆش داخلی بەشی فریاکەوتن دەکرێت ئەوکات راستەوخۆ پێویستی بەهەرچی بێت پزیشکە پسپۆڕەکان بۆی ئەنجام دەدەن".

وتیشی: "لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکە تەنها پزیشکی نیشتەجێی خولاو (مقیم) هەیە کە ئێشگ ربێت، ئەگەر کەسێک بهێننە بەشی فریاکەوتن پێویستی بە نەشتەرگەری ریخۆڵە کوێرەش بێت لێرە بۆی ناکرێت ودەبێت بینێرینە کەلار، چونکە نە ئێشگری پزیشکی بێهۆشکەرمان هەیە نە ئێشگری پزیشکی پسپۆر".

هێمن محەمەد، باسلەوەشدەکات بەشی فریاکەوتنی کەلار بەو ژمارە زۆرەی پزیشکی پسپۆرەوە کەچی ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دەنێردرێنە سلێمانی: "بەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار پزیشکی پسپۆری زۆری لێیە، بەڵام دەبینین رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دەنێرن بۆ سلێمانی ئەمەش زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین، چونکە لەهەمو گەرمیان یەک پزیشکی لێیە".

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری لە ناحیەی پێباز، هۆکارەکانی ناردن (ئیحالەکردن)ی نەخۆشەکانی بەم شێوەیە دەخاتەڕو: "نەبونی پزیشکی پسپۆر هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەم کێشەیە، چونکە نەخۆشێک دێتە ئێرە پزیشک نیە نەشتەرگەری بۆ بکات، بەدەر لەوەش هیچ پزیشکێکی بێهۆشکەر لە نەخۆشخانەکەمان نیە، بەڵام لە کەلار پزیشکی پسپۆری باشی لێیە، هۆکارێکی دیکە بەهۆی نەبونی ئیمرجنسیەوە نەخۆشێکی کتوپڕ دێننە ئێرە ناتوانرێت راستەوخۆ داخلبکرێت و چارەسەری بۆ بکرێت، ناچار

دەبێت ئیحالەی سلێمانی بکرێت، چونکە لە کەلاریش هەمان کاری ئێمەی بۆ دەکەن بۆیە زۆرجار راستەوخۆ ئیحالەی سلێمانی دەکەین".

## ا. رۆڵی پزیشکان لەم کێشەیەدا

سەرەڕای بونی ژمارەیەکی زۆر لە پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە قەزای کەلار کە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر نەخۆش لەم نەخۆشخانەیەوە دەنێردرێنە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان چەندین روداوی ناخۆش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار بەهۆی نەبینینی نەخۆشەکان لە لایەن پزیشکەکانەوە  رویانداوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەشێک لە دکتۆرەکان لەکاتی ئیشکگریدا لە نۆرینگەکانیان کاردەکەن، پێش نوسراوی بەڕێوەبەری تەندروستی تەنانەت زۆرێک لە پزیشکان ئامادە نەبون نەخۆشەکانیان ببین تەنها بە تەلەفۆن ناردویانە بۆ سلێمانی.

لەبەرامبەر ناردنی هەندێک نەخۆش کە پێویست بە ناردن ناکات پزیشکانی نەخۆشخانەکانی سلێمانی سەرسوڕمانی خۆیان نیشان دەدەن لەو جۆرە نەخۆشانە کە لەلایەن پزیشکی پسپۆری کەلارەوە دەنێردرێن بۆ سلێمانی.

رەفیق قادر، جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانیش هۆکاری ئەم حاڵەتانە دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمتەرخەمی هەندێک لە پزیشکانی نەخۆشخانەی شەهید هەژار و ئیدارەی نەخۆشخانەکە: "هەندێک حاڵەت نێردراوە بۆ سلێمانی مایەی پێکەنین بوە بۆ پزیشکانی سلێمانی، پێیان سەیر بوە ئەو نەخۆشە بەو رێگە نێردراوە، چونکە نەخۆشەکە تا گەشتۆتە ئەوێ لەگەڵ پزیشکی یاردەدەرەکە قسەیکردوە و دەمەتەقێی کردوە، ئەمەش لەئەنجامی کەمتەرخەمی هەندێک لە پزیشکانی پسپۆڕی نەخۆشخانەی شەهید هەژار و ئیدارەی نەخۆشخانەکەیە، چونکە ئیدارەی نەخۆشخانەکە لێپرسینەوە ناکات".

لەبەرامبەریشدا ئیدارەی نەخۆشخانەکە هەندێک لە پزیشکە پسپۆرەکان بە کەمتەرخەم دەزانێت، بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکە دەڵێت:" لەو حاڵەتانەی کە نەخۆش پێویست بە ناردن ناکات دەنێردرێت دەکەوێتە سەر پزیشکە پسپۆرەکان زۆرجار هەر نایەنە سەر نەخۆشەکە".

رەفیق قادر، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە پزیشکە پسپۆرەکان زۆریان بەشەڕ دێنە سەرنەخۆشەکانیان، بەڵام پێیوایە بڕیارەکەی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی کاریگەری هەبوە لەسەریان تاڕادەیەک رێژەی ناردنی نەخۆش کەمبوەتەوە. دەڵێت: "زۆرێک لە پزیشکە پسپۆرەکان بە شەڕ و دەنگەدەنگ دێنە سەر نەخۆشەکانیان، بەڵام بڕیارەکەی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی تاڕادەیەک کاریگەری هەبوە لەسەر پزیشکەکان وە دەتوانین بڵێین رێژەی ناردنی نەخۆش بەرێژەیەک کەمبوەتەوە".

بە پێی زانیاریەکانمان، پزیشکانی پسپۆری نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەیانەوێت لیژنەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی چیتر نەیەنە سەر نەخۆشەکانیان و جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان ئەمە پشت راست دەکاتەوەو دەڵێت: "ماوەی مانگێک دەبێت پزیشکانی پسپۆر دەیانەوێت لیژنەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی چیتر نەیەنە سەر نەخۆشەکان، ئەمەش ئەرکی ئێمە چەند هێندە دەکاتەوە و ژیانی نەخۆشەکانیش دەخاتە مەترسیەوە، چونکە نەخۆش هەیە تاوەکو زوتر چارەسەر بکرێت ئەگەری مانەوەی لە ژیان زیاتر دەبێت".

دەربارەی ئەو قسەیەی هاوڵاتیان نەخۆشخانەی شەهید هەژار بە کەمتەرخەم دەزانن، یاریدەدەری پزیشکی، رێبین کەریم، لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار، باس لەوە دەکات "کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانەکەیان هیچکات کەمتەرخەمیان نەنواندوە، بەڵام پزیشکەکان کەمتەرخەمیان نواندوە".

دەشڵێت: "لێرە نەبونی کەرەستە لەگەڵ شوێنی تایبەت بەهەندێک حاڵەتی نەخۆشی هۆکارن بۆ ناردنی نەخۆش، هەروەها یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کەمتەرخەمی پزیشکەکانە، کارمەندان زۆر بە باشی ئیشەکانی خۆیان دەکەن".

## ب. رای پزیشکان لەبارەی ئەم کێشەیەوە

زۆرینەی ئەو ئەو تۆمەتانەی لە بارەی ناردنی نەخۆشەوە بۆ سلێمانی ئاراستە دەکرێن، روبەڕوی پزیشکانی پسپۆر دەکرێتەوە، بەشێک لە پزیشکانیش ئامادە نەبون هیچ لێدوانێک بدەن لەسەر ئەم بابەتە، بەرامبەر بەمەش کۆمەڵێک پزیشکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار قسەی خۆیان هەیە بەرامبەر ئەو نەخۆشانەی کە بە ناچاری دەیانێرن بۆ سلێمانی.

د.ئاسۆ عزەت، پسپۆری میزو میزەڕۆ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، بەم شێوەیە هۆکاری ناردنی نەخۆشەکانی بۆ سلێمانی روندەکاتەوە: "ئەو نەخۆشانەی کە لە بوارەکەی ئێمەن و دەیانێرین بۆ سلێمانی لەبەر دو هۆکارە، یەکەم: نەبونی ئامێری تایبەت وەک ئامێرەکانی نازوری بەولیە و گورچیلە، هیچمان نیە نە لە بەشی فریاکەوتن نە لە هۆڵی نەشتەرگەری، ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بەمانەیە دەبێت بنێردرێنە سلێمانی یان لە شوێنە ئەهلیەکان بۆیان دەکرێت. دوەم هۆکاریش نەبونی چاودێری وردە پاش نەشتەرگەری".

زیاتر رونی دەکاتەوەو دەڵێت: "بۆنمونە حاڵەتمان هەیە روداوێکی قورس توشی کەسێک ئەبێت جا بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆ بێت یان کەوتنەخوارەوە، لێرە لەبەر نەبونی چاودێری ورد ئێمە ناتوانین بیهێڵینەوە ناچار دەبێت ئیحالەی بکەین".

د.ئاسۆ عیزەت، باس لەوەش دەکات ئەوان وەک پسپۆریەکەی خۆیان زۆر بەکەمی نەخۆش دەنێرن بۆ سلێمانی: "ئێمە وەک پسپۆری خۆمان ئەوەی لێرە بتوانرێت بۆ نەخۆشی بکەین دەیکەین، بەتایبەت ئەوانەی کە حاڵەتی فریاگوزارییین واتە حاڵەتی گەرمن، ئەو حاڵەتانەشی کە ساردن وەک بەردی گورچیلە یان پرۆستان ئەوە دوای رێنمایی و رونکردنەوە بۆ نەخۆش، ئە گەر پێویست بکات نەشتەرگەری بۆ دەکەین".

د. ئاسۆ عزەت، یەکێکە لەو پزیشکانە کە نەخۆش بەکەمی دەنێرێت لەسەر ئەم کارەشی دەڵێت: "ماوەی شەش مانگە زیاتر دەبێت هیچ نەخۆشێکم نەناردوە ئەو حاڵەتانەی پێویست بکات نەشتەرگەری بۆ دەکەین، ئەگەر پێویستیش نەکات هەرلێرە لە قاوش چاودێری دەکەین، هەرنەخۆشێکیش کە پێویستی کردبێت پێمان وترابێت لەلایەن پزیشکانی خولاوە من هاتوم بینیومە، چونکە ئەمە ئەرکی منە وەک پزیشک".

ئەو بۆشایەشی کە بەهۆی پزیشکی نیشتەجێی دێرینەوە دروست بوە لە گەرمیان وای کردوە پزیشکان کاری ئەوانیش بکەن.

د.ئاسۆ عزەت، دەڵێت: "نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین بۆشاییەکی زۆری بۆ دروستکردوین، چونکە لە هۆڵی نەشتەرگەری بەس ئێمە وەک پزیشکی پسپۆڕ بەتەنها نەشتەرگەریەکە دەکەین، هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرینمان نیە، پاش نەشتەرگەریش بۆ چاودێری نەخۆش دیسان دەبێت هەرخۆمان  چاودێری بکەین، ئەمەش دیسان بە هۆکاری نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین".

وتیشی: "بۆنمونە ئێستا لە سلێمانی یان هەرشوێنێکی دیکە کە نەشتەرگەری دەکەیت ئیتر وەک پزیشکی پسپۆڕ ناچیتەوە بەلای نەخۆشەکە، پزیشکی نیشتەجێی دێرین چاودێری دەکات هەتاوەکو نەخۆشەکە دەردەچێت لە نەخۆشخانە، لێرە شوێنی مانەوە هەیە بۆ نەخۆش، بەڵام چاودێر بۆ نەخۆش نیە، ئێمە وەک پزیشکی پسپۆڕ نەک تەنها ئیشی پزیشکی نیشتەجێی دێرین دەکەین بەڵکو ئیشی پزیشکی نیشتەجێی خولاویش دەکەین، چونکە لە قاوش دەبێت دوای داخلکردنی نەخۆش ئەوان چاودێری بکەن ئەمە بەدەر لەنەشتەرگەری، بەڵام لێرە ئەوەش هەر خۆمان دەیکەین".

بەهەمان شێوە د. ئاسۆ فلاًمەرز، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی قورگ و گوێ، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، ڕونیدەکاتەوە پشکی شێری ئەم ناردنی نەخۆشە کەوتۆتە سەر نەبونی شوێن و ئامێر نەک پزیشک، بەهەڵە هەمو کێشەکە دەخرێتە ئەستۆی پزیشکان: "سەرەتا دەبێت بزانرێت ناردنی نەخۆش چۆنە  پاشان دەبێت بریاربدەین چەند هۆکارێک هەیە وادەکات ئێمە نەخۆش بنێرین بۆ سلێمانی. ئێمە ستافێکی باشمان نیە لە پزیشکی نیشتەجێی دێرین و شوێنی چاودێریمان نیە، زۆر لەو حاڵەتانە نەشتەرگەری دەوێت، بەڵام نەشتەرگەری سەدا ٥٠% ئیشەکەیەو ئەوی تری دوای نەشتەر گەرییەکەیە، ئەمە نەک تەنها بۆ بەشی فریاکەوتن بۆ نەشتەرگەرییە ساردەکانیش هەمان شتە، بۆیە هۆکار ئەوەنیە ئێمە ناتوانین ئەو نەشتەرگەریانە بکەین".

د. ئاسۆ فلاًمەرز، باس لە تێروانینی پزیشکی پسپۆڕ دەکات بۆ حاڵەتەکانی نەخۆشی و دەڵێت: "ئێمە وەک پزیشک کە نەخۆشێک دەبینین دەبێت بزانین چەندێک دەتوانین بڕۆین لەگەڵ نەخۆشەکە، ئێمە لێرە نازورمان نیە مایکرۆسکۆپمان نیە، ئێمە لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان هێشتا نەگەشتوینەتە ئاستی سەرەتای (Primary Center) بۆ ئەوەی نەخۆش نەنێریت دەبێت لە ئاستی (tertiary center) بیت، ئێمە هێشتا ئەوانەی سلێمانی و هەولێریش لەئاستی جیهانی نەگەشتون بەو پلەیە، بەڵام ئەوان ژمارەی پزیشکیان زۆر باشە و بەشەکانیان تاڕادەیەک تەواوە".

هەروەها د. ئاسۆ فلاًمەرز شێوازی حاڵەتە نێردراوەکانی بە نمونە ڕوندەکاتەوە  و دەڵێت: "هەمو ناردنێکی نەخۆش پزیشک تاوانبار نیە، بۆ نمونە لێرە کەسێک درابێتە بەرچەقۆ هیچ کێشەمان نیە ئەیکەینەوە، بەڵام ئەگەر دەماری بڕابێت ئێمە لە کەلار چی لێبکەین کە هیچ کەسمان نیە لەو پسپۆڕیە؟ یان  ئێستا سیتی

سکانەکەش کارناکات کەسێک توشی نەزیفی ناوەوە دەبێت چۆن بزانین ئاستەکەی چۆنە؟ دواتر پاش نەشتەرگەری چاودێری ورد پێویستە، چاودێری ورد کێ بیکات کە پزیشکی نیشتەجێی دێرینمان نیە لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە وەک و قورگ و گوێ لەماوەی حەوت مانگدا یەک حاڵەتمان ناردوە ئەوەش حاڵەتی شێرپەنجەیە".

لە گەرمیان کە پزیشک تاوانباردەکرێت پزیشک تەنانەت ئامێرە سەرەتایەکانیشی نیە تاوەکو چارەسەری پێبکات. ئەمە قسەی د. ئاسۆ فلامەرز، پسپۆری نەخۆشیەکانی قورگ و گوێیە. دەشڵێت: "لێرە تەنانەت ئامێرە سەرەتایەکانیش نیە هەر کاتێک ئێشگربم پێویستیەکانی خۆم کە لە نۆرینگە پێمە دەیخەمە جانتایەکەوە کە پێویست بو بێمە ئێرە تەعقیمی بۆ دەکەم، چونکە لێرە هیچی لێنیە، تەنانەت ئاسایترین شتیش چەندینجار داواکاریمان کردوە، بەڵام هیچ سودێکی نەبوە".

لەگەڵ ئەمەشدا لە گەرمیان ڕێژەی نەشتەرگەری لە لایەن پزیشکانی پسپۆرەوە ئاستێکی بەرزی تۆمار کردوە، هەروەک د. ئاسۆ فلامەرز، دەڵێت: " دەبێت ئەوەش بزانین لێرە ئیشی زۆر کراوە ئیشی قورسیش، بەڕێژەش ئەوە نەشتەرگەری لە کەلار دەکرێت ئەوندە لە سلێمانی ناکرێت. من لە سلێمانیم لە هەولێر و بەغدادیش دکتۆر بوم، بەڵام هیچ شوێنێک پزیشکی پسپۆر ئەو هەمو نەشەرگەرییە ناکات کە لە ڕۆژێکدا لەکەلار دەیکات".

## ٥. مەترسیەکانی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی

بە پێی لێدوانی شارەزایانی تەندروستی هەندێک جار ئەگەر نەخۆشێک لێرە چارەسەری بۆ بکرێت ئەگەری مردنی ئەو کەسە چەند هێندە کەمدەبێتەوە، جگە لەوەی ڕێگاکە خۆی هۆکارێکی مەترسیدارە.

موکەرم موبارەک، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری لە ناحیەی پێباز، مەترسیەکان لەسەر ژیانی نەخۆش بەم شێویە ڕوندەکاتەوە: "مەترسیەکانی خراپی ڕێگاکە لەگەڵ دوریەکەی، چونکە جاری واهەیە ئەو نەخۆشە تادەگاتە سلێمانی کاتی چارەسەرکردنی لەدەست دەچێت ماوەی ڕێگاکە بە ئەمبوڵانس سەعاتێک و پانزە خولەک دەبێت، حاڵەت هەبوە لێرە ئەگەر چارەسەری بۆ بکردایە ژیانی کەسەکە لەمردن ڕزگاری دەبو".

جێگیری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیانیش، دەڵێت: "نەخۆش هەبوە لێرە توانراوە چارەسەری بۆ بکرێت، بەڵام نەکراوە تاوەکو گەیەنراوەتە سلێمانی گیانی لەدەست داوە".

سیروان جەبار، لێپرسراوی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بەم شێوەیە مەترسیەکانی ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی روندەکاتەوەو دەڵێت: "لەکاتی لە دایکبونی مناڵێک دایکێک توشی کێشەیەک دەبێت راستەوخۆ دەبێت نەشتەرگەری بۆ بکرێت ئەگەرنا گیان لەدەست دەدات یاخود کە توشی خوێن بەربون دەبێت، ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت تا دەگاتە سلێمانی گیان لە دەست دەدات".

بەدەر لە مەترسیەکانی سەر ژیانی نەخۆشی نێردراو لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی، خراپی رێگای نێوان کەلار سلێمانی مەترسیەکی زۆر لەسەر ژیانی کارمەندانی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان هەیە و هەندێک جار توشی روداوی هاتوچۆ دەبن.

رێبین کەریم، کارمەندی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، باسی زۆری هاتوچۆیان دەکات لە رێگای کەلار سلێمانی، ئاماژە بۆ مەترسیەکانی سەر ژیانیشیان دەکات و دەڵێت: "لەبەر زۆری ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی رۆژانە زیاتر لە چوار جار بەم رێگەی مەرگە دەڕۆین، رێگەکە دورە لەگەڵ ئەوەشدا پڕ مەترسییە، دەشبینین رۆژانە چەندین روداوی دڵتەزێنی تێدا رودەدات ئێمەیش بەدەر نەبوین لەو روداوانە".

## ٦. قسەی بەشی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان لەسەر ئەم کێشەیە

بەشی کردە پزیشکیەکان کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بردنی نەخۆشەوە هەیە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، رەخنەی ئەوە دەگرن کە بەشێکی ئەو نەخۆشانەی دەنێردرێنە سلێمانی پێویستیان بە ناردن نیە.

جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، رەفیق قادر، ژمارەی کارمەندەکانی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان لەگەڵ کارەکانیان دەخاتەڕو و دەڵێت کە توانیویانە زۆر بە باشی ئەو ئەرکەی لەسەریانە رایپەڕێنن: "بەشی کردە پزیشکیەکان تەنها ٢١ کارمەندن، ئێمە شانازیە بۆمان نەخۆشێک پێویستی بێت بیبەین بۆ سلێمانی بەس نەک نەخۆشێک پێش ئێمە بگاتەوە بەکەلار، شۆفێرمان هەیە لە رۆژێکدا ٣ جار دەچێتە سلێمانی و دێتەوە هەر

مێشکی تەحەمولی نامێنت، بۆیە هیچ کارمەندێکی تەندروستی ئامادە نیە بێت لە کردە پزیشکیەکان دەوام بکات".

ئاماژە بەوەش دەکات دەبێت بەرپرسەکانی ناوچەکە پێداچونەوەیەکی ورد بەم مەسەلەیە بکەن: "ژمارەی کارمەندەکانمان کەمە لە چاو ئەم هەمو روداوانەی گەرمیان جگە لە زۆری روداوەکان ئیحالەکردنی دکتۆرەکانیش کێشەیەکی گەورەیە بۆ کارمەندەندەکانی بەشەکەمان لە هەر ٢٤ کاتژمێرێکدا نزیکەی ١٠ ئیحالەی سلێمانی ئەکرێت، بەرپرسەکانی ناوچەکە دەبێت وردبونەوەیەکی تەواو لەم کارە بکەن تاوەکو بگەن بە ئەنجامێک بۆ چارەسەرکردنی خێرایی ئەم کێشەیە".

ئاماژە بەوەش دەکات: ئەگەر پزیشکی پسپۆر بەویژدانەوە کاربکات زۆر باش دەتوانێت بۆشایی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو پڕکاتەوە، دەتوانرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت کردنەوەی بەشە گرنگەکان کە لێرە نیە لەگەڵ ئەوەی پزیشکە پسپۆڕەکان بێنە سەر نەخۆشەکانیان.

دەشڵێت: کارمەندەکانی ئێمە جیاواز لەهەمو کارمەندەکانی دیکە دەوامیان زیاتر و زۆر ماندوترن و کارەکانیان زۆر بە باشی بەڕێدەکەن.

کردە پزیشکیەکان بەدەر لەڕۆشتنیان بۆ سلێمانی کاری هێنانەوەی ئەو نەخۆشانەش دەکەن کە لە وڵاتی ئێران نەشتەرگەری فەقەراتیان بۆدەکرێت لەگەڵ ئەو نەخۆشانەشی کە کێشەی فەقەراتیان هەیە بۆ چارەسەر دەچنە سلێمانی، یاخود نەخۆشێک خەڵکی گەرمیان بێت و لەسلێمانی پێویستی پێبێت دەبێت کردە پزیشکیەکانی گەرمیان بە ئەمبوڵانس بیهێنیتەوە.

## ٧. چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی

هەندێک لە بەرپرسانی تەندروستی ناوچەکە چارەسەری ئەم کێشەیە دەبەستنەوە بە چارەسەرکردنی کێشەی نەبونی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە گەرمیان، وایدەبینن بە دابین کردنی پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و خولاو، رێژەی ناردنی نەخۆش زۆر کەم دەبێتەوە.

عەباس عەبدولعەزیز، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، سەبارەت بەم گرفتە وتی: "ئەگەر پزیشکی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرینمان بە گوێرەی پێویستی ناوچەکە بۆ دابینبکرێت، بە دڵنیاییەوە لە (٨٠%) ناردنی نەخۆش بۆ سلێمانی کەم دەبێتەوە".

لەگەڵ ئەمەشدا یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، پێشنیارێک بۆ چارەسەری نەبون کەمی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو و دێرین دەخاتەڕو: "بۆ چارەسەرکردنی نەبون و کەمی پزیشکانی خولاو دێرین دەتوانرێت تەندروستی گەرمیان لەگەڵ تەندروستی سلێمانی ڕێکبکەون بە سەرەی مانگانەی ئێشگری (خەفارات) ئەم پزیشکانە بنێردرێت بۆ گەرمیان".

بەرپرسی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار، پێیوایە کردنەوەی سەنتەری بوژانەوەی دڵ لەگەڵ بەشی مناڵانی نابەکام دەورێکی باشی دەبێت لە کەمکردنەوەی ناردنی نەخۆش: "کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەت بە بوژانەوەی دڵ لەگەڵ دابینکردنی پزیشک بۆ بەشی خدج رۆڵێکی زۆرباشی دەبێت لە کەمکردنەوەی ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی".

هەر سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، موکەرم موبارەک ، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شۆڕش لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "چەندینجار لە کۆبونەوەکان ئاماژەمان بەوە کردوە بۆنمونە لەڕۆژێک ١٠ ئەمبۆڵانس لە کەلارەوە دەچێتە سلێمانی هەر ئەمبۆڵانسێک ٥٠ هەزار بەنزینی ئەوێت، هەریەک لەو ئەمبۆڵانسە شۆفێر و کارمەندی تەندروستی پێویستە کە موچەی خۆی هەیە، هەریەک لەو ئەمبۆڵانسە توشی روداوی هاتوچۆ دەبێت یاخود تێکدەچێت پێویستی بە پارەیە بۆ چاکردنەوەی، ئەگەریەک نەخۆشخانەی باش و تایبەت بە فریاکەوتن لە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بکرێتەوە زۆر کەمتری دەوێت".

ئەوانەشی کە بەرپرسن لەم کێشەیە بە پێی لێدوانی، موکەرەم موبارەک، بەپلەی یەک وەزارەتی تەندروستی و ئیدارەی گەرمیانە: "بەرپرسی سەرەکی لەم کێشەیە وەزارەتی تەندروستییە دواتر ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانە، دەبێت ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی کاری جدی بکەن لەسەر بونیادنانی بەشێکی چالاک لە فریاکەوتن بۆ گەرمیان".

هەندێک لە بەرپرسانی تەندروستی نائومێدی خۆیان لەمەڕ ئەم بابەتەوە دەردەبڕن و پێیان وایە ماندوبون لەوەی هێندە ئەم باسە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بڵێنەوە.

هێمن محەمەد، بەڕێوەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، دەڵێت: "وەزارەتی تەندروستی و ئیدارەی گەرمیان بێئومێدیان کردوین هێندە ئەم باسەمان کردوەتەوەو هیچ ئەنجامێکی نەبوە، بەڵام ئەگەر بەشی پزیشکی لە زانکۆی گەرمیان بکرێتەوە کاریگەریەکی باشی دەبێت، چونکە ئەوکات نەخۆشخانەکانی گەرمیان دەبنە فێرکاری و هەمو بەشەکانی تێدا دەکرێتەوە".

بەهەمان شێوە جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، ڕەفیق قادر، دەڵێت: "لە سەردانەکەی وەزیری تەندروستی بۆ گەرمیان ئەم بابەتامان لە گەڵدا باسکردوە، بەڵام تا ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە".

کارمەندانی تەندروستیش پێیانواییە کە هیچ کەس و لایەنێک خۆی بە بەرپرسی ئەم کێشەیە نازانێت بۆیە تا ئێستا ئەم حاڵەتە خراپتر بوبێت باشتر نەبوە.

ڕێبین کەریم، کارمەندی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "کێشەکانیش پلە پلە دەڕوات کەس خۆی بە بەرپرسیار نازانێت بۆیە تاوەکو ئێستا چارەسەرنەکراوە".

یەکێک لەو هەوڵانەی کە دراوە بۆ کەم کردنەوەی ئەم حاڵەتە بینینی نەخۆشە لەلایەن پزیشکانی پسپۆرەوە پاشان ئەگەر حاڵەتەکەی نەتوانرا لێرە چارەسەری بۆ بکرێت بنێردرێت بۆ سلێمانی، چونکە پێشوتر نەهاتنی پزیشک بۆ بینینی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان دەکرد پزیشکی پسپۆر بیانبینێت بە هۆکارێک دادەنرا بۆ زۆری ڕێژەی ناردنی نەخۆش.

لێپرسراوی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە قەزای کەلار، ئارام ئەحمەد، دەڵێت: "لە ئێستادا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، نوسراوی فەرمی کردوە هەمو نەخۆشێک کە دەنێردرێت (ئیحالەدەکرێت) بۆ سلێمانی، دەبێت پزیشکی پسپۆر بیبینێت دواتر بنێردرێت".

لەگەڵ ئەم هەنگاوەشدا، سەیوان محەمەد، بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە قەزای کەلار، ئاماژە بەوەدەکات کە ڕێژەی ناردنی نەخۆش زیادی کردوە: "ئەمە هەنگاوێکی باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ناردنی نەخۆش بەرەو زیاد بون ڕۆشتوە".

## ٨. بۆچونی بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەمەڕ کێشەکە

باشکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان هەر بەڕێوبەرایەتیەکان بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی بەرێوبەری گشتی، چونکە کەسی یەکەمی بەرێوبەرایەتیەکەیە و بڕیارەکان لەوێوە دەردەچن، بەرێوبەری تەندروستی گەرمیانیش ناردنی نەخۆش بە حاڵەتێکی ئاسایی وەسف دەکات.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لە بارەی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی دەڵێت: "ناردنی نەخۆش لەنەخۆشخانەو مەڵبەندە تەندروستیەکان بۆ سەنتەری شارەکان ئاساییە، ئەمە حاڵەتە لەناو سەنتەری شارەکانیش هەیە لە نێوان نەخۆشخانەکان".

بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان ئەو قسانە رەتدەکاتەوە کە ئەگەر نەخۆشێک پێویستی نەکردبێت بنێردرێت بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی و نێردرابێت، لەمبارەیەوە دەڵێت:"بەدەر لە پزیشکانی پسپۆر کەسی دیکە ناتوانێت بڕیار لەسەر پێویستبون و پێویستنەبونی ناردنی نەخۆش بدات، بۆنمونە کارمەندی تەندروستی توانای بڕیاردانی نیە لەسەر ئەوەی بزانێت چ نەخۆشێک شایەنی ئەوەیە کە بنێردرێت یان نا، ناشتوانن هەڵسەنگاندن بۆ پزیشکەکان بکەن کە بۆچی ئەم نەخۆشەی ناردوە".

وتیشی: "ئەوەی دەڵێت نەخۆش هەبوە کە پێویستی نەکردوە بنێردرێت بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی و نێردراوە ئەوە دەتوانێت دەلیلمان پێبدات لەسەر ئەو حاڵەتە".

بەوتەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، رێژەی ناردنی نەخۆش بە بەراورد بە ساڵانی رابردو لە سنوری بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان کەمی کردوە. د. سیروان محەمەد، دەڵێت: "لەسەرەتای دەستبەکاربونمەوە لە ساڵی ٢٠١٥ بە تێکڕای ناردنی نەخۆش لە مانگێکدا لە نێوان (٢٥٠-٣٥٠) نەخۆش دەبو، بەڵام ئێستا کەم کراوەتەوە، سێ ساڵە بەجدی لەسەر ئەم بابەتە کاردەکەین و رێژەکەمان کەمکردوەتەوە بۆ(٩٠-١٥٠) نەخۆش لەمانگێکدا".

وتیشی: "کەمکردنەوەی ئەم رێژەیەش لەئەنجامی رێکخستنەوەی کارەکان بوە، وەک چالاککردنەوەی هەندێک بەش، زیادکردنی پزیشکی پسپۆر، چالاک بونی هۆڵی نەشتەرگەری".

بە کردنەوەی هەندێک بەشی دیکە ناردنی نەخۆش چەند هێندە کەمدەبێتەوە، لەسەر ئەم کارەش د. سیروان محەمەد، دەڵێت: "ئەگەر بتوانین بەشی (خودەج، چاودێری ورد و بوژانەوەی دڵ) بکەینەوە، بەمە دەتوانرێت ئەم رێژەیەی ئێستا زۆر کەمبکرێتەوە".

سەبارەت بە کاریگەریی کردنەوەی بەشی پزیشکی لە زانکۆی گەرمیان، لەسەر کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە بون بە هۆکاری ناردنی نەخۆش، د. سیروان دەڵێت:" بۆ دە ساڵی دیکە کاریگەری دەبێت".

جەختدەکاتەوە لەوەی هەندێک رێوشوێنیان گرتوەتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئیحالە کردن، لەوانەش "بە بێ بینیی پزیشکی پسپۆڕ، قەدەغەیە نەخۆش بنێردێت".

## بەشی سێیەم: ڕاسپاردەکان

١. بەپێی بەدواداچونی ئێمە، هۆکاری سەرەکی زۆریی ئەم حاڵەتە لەگەرمیان، لە ٣ ئاست دا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: نەبونی پزیشک. ئەم نەبونی پزیشکە دو ئاستە، ئاستێک پزیشکی پسپۆڕ و پسپۆڕی وردە، ئاستێکی تر پزیشکی نیشتەجێی دێرینە. چونکە ئەوەی یەکەمیان ئەگەر حاڵەتی ڕوداو یان نەخۆشیەکە پێویستی بە پسپۆڕیی و پسپۆڕیی ورد هەبێت، ئەوا هیچ پزیشکێک ناچێتە ژێر باری بەرپرسیارێتیەکەی و لە گەرمیان نایهێڵێتەوە.

دوەمیش، پزیشکی پسپۆڕ بەهۆی نەبونی پزیشکی دێرین کە یارمەتی بدات، زۆرجار ناتوانێت نەشتەرگەریی یان هەر ڕێشوێنێکی تر بۆ خودی نەخۆش بگرێتە بەر.

کەوایا هەنگاوی یەکەمی چارەسەری ئەم کێشەیە، زیادکردنی ژمارەی پزیشکی پسپۆڕ و پسپۆڕی ورد و هەروەها پزیشکی دێرینە، کە ئەم نەبونی پزیشکی دێرینە، کێشەی بۆ زۆر بواری تریش دروستکردوە.

وەک ئێمەش بەدواداچون و تێبینیمان کردوە، هیچ پێوەرێکی عادیل و شەفاف بە پشت بەستن بە ڕێژەو ژمارەی دانیشتوان، لەدابەشکردنی پزیشکدا ڕەچاو نەکراوە، هەروەک دۆخی ئیدارەی گەرمیان لە ژمارەی پزیشک ڕەچاو نەکراوە کە چەندین قەزا و ناحیەی تری ناوچە دابڕێنراوەکانی بەسەرەوەیە.

دوەم: نەبونی پێداویستیی. ئەم پێداویستییانە چ وەک بەش و چ وەک کەرەستەیە، بۆنمونە لەگەرمیاندا حاڵەتەکانی (چاودێریی ورد، بوژانەوەی دڵ و منداڵی نەباکام)، زۆرترین حاڵەتەکانی ئیحالەکردن پێکدێنن، بەڵام بەشی تایبەتمەند بەم حاڵەتانەوە بونی نییە، ئەمەش پزیشک ناچار دەکات کە نەخۆشی ئەم بوارانە ڕاستەوخۆ بنێرێتە سلێمانی.

لەلایەکی دیکەشەوە، کەرەستەو پێداویستی پزیشکیی بۆ هەمو بوارەکان نییە، تەنانەت بۆ گرتنی تیشکێکی سیتی سکان یان بۆ زانینی حاڵەتی خوێنبەربونی ناوەکی بەتایبەت لەکاتەکانی درەنگی شەودا، دەبێت نەخۆش ئیحالە بکرێت بەهۆی نەبونی ئامێر یان ستافی پێویستەوە.

سێیەم: خودی پزیشکەکانە. زۆرجار گلەیی لە پزیشکەکان دەکرێت کە بەدەم حاڵەتەکانەوە نایەن و بە تەلەفۆن بڕیار لە ئیحالە دەدەن و خوێندنەوەی ورد بۆ حاڵەتەکان ناکەن، ئەگەرچی پزیشکەکانیش بۆ ئەمانە پاساو و قسەی خۆیان هەیە، بەڵام واباشترە ئەم بوارە رێکبخرێتەوە، ئەویش بەرێکخستنەوەی دەوامی پزیشکەکان بەتایبەت پسپۆڕەکان، هەروەها بەوەی پشکنینی تەواوەتی بۆ حاڵەتەکان بکەن پێش ئیحالە کردن.

٢. ئەم هۆکارانە، هەمویان قابیلی چارەسەرن، هەندێکیان بەزویی و هەندێکی تریان کاتی دەوێت، بەڵام ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە پتر لە هەر بوارێک پێویستە بەرپرسانی تەندروستی گرنگیی بەم پرسە بدەن، چونکە زۆرینەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانی نەخۆشەکان، لە پرسی ئیحالەو چارەسەرنەکردنی پێویستەوە دێتە بون، بۆیە دەکرێت چ بودجەو چ ستاف و چ هەوڵەکانیش، بۆماوەیەک تەرخان و تایبەت بکرێت بەم بوارە بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەر بکرێت.

٣. وەزارەتی تەندروستی بەرپرسی یەکەمە لە دابین نەکردنی پزیشک بۆ سنورەکە، بەشێوەیەک کە بەشی پێداویستی سنورەکە بکات، بەتایبەت کەبەشێکی زۆری پزیشکەکانی خولاو و دێرین، بەشێوەی تەنسیب دەنێرێتە گەرمیان، کە هەر لەم رێگەیەوە دەتوانێت ژمارەی پزیشکان زیاتر بکات، هەروەک دەتوانێت هەمان هەنگاو لەگەڵ پزیشکانی پسپۆڕیش بگرێتە بەر بەوەی رۆژێک یان زیاتری دەوامەکانیان لە گەرمیان بکەن، ئەمەش دەتوانن چ بە یاسا لەرێگەی پارلەمان و و چ بە رێنمایی لەلایەن خۆیان و ئەنجومەنی وەزیرانەوە رێک بخەن.

٤. ئەو کەرەستەو پێداویستیانەی لەم بوارەدا پێویست و گرنگن، لەلایەن تەندروستی گەرمیانەوە بەخشتەو پلانێک دەتوانرێت بەرنامە بۆ دابینکردن و کڕینیان بدرێت، ئەشتوانرێت ئەم بوارانە کە بواری هەنوکەیی و گرنگن، لەروی دابینکردنی بودجەوە بایەخی زیاتریان پێبدرێت.

٥. تەندروستی گەرمیان دەبێت لەبارەی دەوامکردنی پزیشکانی سپۆڕ و هەمو حاڵەتێکی ئیحالەکردنەوە بەدواداچون بکات، بەشێوەیەک مانگانە یان هەفتانە، خشتەی ئیحالەکردنەکان وەربگرێت و لەرێگەی لیژنەوە گفتوگۆ لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕ دا بکات بەوەی بە چ هۆکارێک ئیحالەکەی کردوە، بەتایبەت ئەو ئیحالانەی کە حاڵەتی نەخۆشیەکە پێویستی بە ناردن نەکردوەو دەتوانرا چارەسەر بکرێت.

- **ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.**

**رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی.**

**بۆپەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ —٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org